# Barnebøker for Norge

barneboker.no

## جاشك


Skrevet av: Lindiwe Matshikiza
Illustret av: Meghan Judge
Oversatt av: Agri Afshin


Denne fortellingen kommer fra African Storybook (africanstorybook.org) og er videreformidlet av Barnebøker for Norge (barneboker.no), som tilbyr barnebøker på mange språk som snakkes i Norge.

Dette verket er lisensiert under en Creative Commons
Navngivelse 4.0 Internasjonal Lisens.
https://creativecommons.org/licenses/by/4.0/deed.no

# جاشك




✎ Lindiwe Matshikiza
Meghan Judge
Agri Afshin
kurdisk (sorani)
nivå 3



ئەو کچە بچووکە بوو کە یەکەم جار لە دوورڕا تارماییەکی غەریبی بینی.



دواتر کاتێك تارماییەکە نزیك بوویەوە، بینی کە ژنێکی بەرزی باردارە.



بەشەرمەوە، بەڵام چاونەترسانە ئەم کچە چکۆڵە لە ژنەکە نزیك بوویەوە. ئەوانەی کە لە گەڵ کچە چکۆڵەکە بوون ووتیان: "ئێمە دەبێ لێرە ئاگامان لەو بێ." ئێمە دەبێ ئاگاداری خۆی و منداڵەکەی بین.





کەر لە گەڵ دایکی پێکەوە گەورە بوون و زۆر ڕێگا فێربوون کە چۆن پێکەوە شان بە شانی یەك بژین. کەم کەم، خەڵکانی دیکەش هاتن و لە چواردەوری ئەوان دەستیان کرد بە دروست کردنی ماڵ و حاڵ بۆ خۆیان.



“مناڵەکە کاتی هاتنە دونیای بوو. “پاڵ پێوەبنێ!” “پەتۆ بێنە!” “ئاو. “پاڵبدە”.





گوێدرێژ دایکی بینیەوە کە لە دووری لە دەستدانی مناڵەکەی خەمبارو نیگەران بوو. دەمێك چاویان تێك بڕیبوو. دواتر باوەشێکی گەرمیان پێکدا کرد.



کاتێ ئەوان مناڵەکەیان بینی، هەموویان بە سەرسامییەوە کشانەوە. جاشکێك؟





کەر تێگەشت کە دەبێ چی بکات.



هەمووان دەستیان کردە دەمەقاڵێ کردن. هەندێکیان ووتیان: “ ئێمە وتمان ئاگامان لە مناڵ و دایکەکە دەبێ، و لە سەر بەڵێنەکەی خۆمان دەمێنینەوە.” بەڵام ئەوانەی دیکە گوتیان: “ ئەمانە شومن بۆ ئێمە.





هەورەکان و هەروەها هاوڕێ پیرەکەشی پێکەوە دیار نەمان.



بەمجۆرە بوو کە ژنەکە دووبارە بێکەس مایەوە. ئەو گیری
کردبوو کە ئێستا دەبێ چی لەم مناڵە سەیرە بکات. ئەی
خۆی دەبێ چی بکات.





لە سەرەوە لە نێو هەورەکان خەویان لێکەوت. کەر خەوی
بە دایکیەوە بینی کە دایکی نەخۆشەو بانگی دەکات. و
لەوکاتەدا لە خەو ڕاپەڕی.



ڕۆژێك پیرە پیاوەکە داوای لە کەر کرد کە سوار پشتی خۆی بکات و بیبا بۆ لووتکەی چیایەك.





بەڵام لە کۆتایدا دانی بەوەدانا کە ئەو مناڵە مناڵی خۆیەتی و ئەویش دایکیەتی.



ئەگەر قەبارەی منالّەکە هەر ئەوەندە چکۆلە مابایەوە، لەوانەیە بابەتە جیاوازتر بایە. بەڵام جاشکەکە هەتا دەهاتوو گەورەتر و گەورەتر دەبوو تا ئەوەی لە سەر کۆڵی دایکی جێی نەدەبۆوە. لەگەڵ ئەوەی زۆر هەوڵی دەدا بەڵام نەیدەتوانی وەکوو مرۆڤێك ڕەفتار بکات. دایکی زۆر جار ماندوو و بێچارە دەبوو بەدەستیەوە. هەندێ جار ناچار دەبوو کە هەندێ کاری کردبا کە کاری ئاژەڵان بوو.





گوێدرێژ چوو لە گەڵ پیرپیاو پیکەوە بژین. ئەو زۆر شتی فێری گوێدرێژەکە کرد کە چۆن ژیان بکات. کەر گوێڕایەڵی پیر پیاوەکەی دەکرد و زۆر شتی لێ فێر بوو، پیرە پیاوەکەش هەروەتر. ئەوان یارمەتی یەکتریان دەداو پێکەوە پێ دەکەنین.



گوێدرێژ زۆر هەستی بە بێزاری و تورەیی دەکرد. ئەو نەیدەتوانی ئەو کارەی کردبا یان ئەوکارەی نەکردبا. ئەو نەیدەتوانی هارجارەوە بە جۆرێك ڕەفتاری کردبا وەکوو مرۆڤەکان. ئەو ئەوەندە تووڕە بوو تا ئەوەی کە ڕۆژێك لووشکەیەکی لە دایکی دا.





کاتێ گوێدرێژەکە لە خەو هەستا بینی پیاوێکی پیر چاوی تێ بڕیبوو. کاتێ سەیری چاوی پیاوە پیرەکەی کرد، تۆزێك ئومێدی بۆ گەڕایەوە.



کەر خەجاڵەتی کێشا. بۆیە هەتا توانی دوور کەوتەوە.





کاتێك لە غاردان ڕاوەستا، شەو داهاتبوو، کەر وون ببوو.
کەر لە تاریکایی شەودا دەیزەڕاند و دەنگی دەزرینگایەوە،
ئەو تەنیا بوو. ئەو خۆی لە باڵ یەکدا خڕکردەوە و چووە
ناو خەوێکی قووڵ و ناخۆشەوە.